مەسرور بارزانی پێشوازی لە شاندێکی فەڕەنسی دەکات

ئەمە دووشەمە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جێنێراڵ فرانسوا تریکە، نوێنەری باڵای فەڕەنسا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیێندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبەع کەوتووە ،ڕایگەیاندووە: "ئەمە دووشەمە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جێنێراڵ فرانسوا تریکە، نوێنەری باڵای فەڕەنسا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کرد".

ئاماژەی بۆشکرد ، "لە کۆبوونەوەکەدا کە یان برەم، کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، پێرێپەدانی پەیوەندییەکانی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان و دۆخی ئەمنیی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش لە عێراق و سووریا تاووتوێ کران".

ئاماژەی بۆشکرد کە، "هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی بەردەوامبوونی پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و هاوئاهەنگی نێوان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە".